# ۰۳

ویژەنامەی سیزدهمین جشنوارەی تئاتر کُردی سقز
۲۹ شهریورماه تا ۲ مهرماه ۱۳۹۵



# شانۆی کوردی سەقز



۹
هونەری نەتەوەیی و
غیابی بەردەنگی پرۆفیشنال
ئەمجەد غولامی



۱۰
شانۆی کوردی و
رۆلی زمان
فەرەیدوون محەمەدزادە

## لەم ژمارەیەدا:

شانۆ و دیالۆژی کوردی
شانۆی کوردی دەولەمەندتر بووە
تئاتر یعنی بودن
سینۆگرافیا لە شانۆی ئەزموونگەری کوردیدا
دەرهینەری ئەستیرەبوونە!
شانۆی جیهانیش بوونیکی یەکپارچەی نییە

Scanned with CamScanner



بە تەنیا ژنیک

Scanned with CamScanner

# شانۆی کوردی سەقز

گۆڤاری تایبەت بە سێزدەهەمین فیستیڤاڵی شانۆی کوردیی سەقز

٣



وریا غەفووری

قەیران لە شانۆنامەنووسیی کوردیدا بە هۆی ئەو دۆخە کە هەمووومان بە هەموو شێوەیەک لێی ئاگادارین، واتا نەبوونی پەروەردە بە زمانی دایکی، ڕاستییەکە ناکرێ حاشای لێ بکرێت. هەر بۆیە شانۆی کوردی بە شێوەیەک ڕوو لە وەرگێڕانی دەقی شانۆیی کردووە.

وەرگێڕان وەک «کاتارینا ڕییەس» دەڵێت تەنیا بە هۆیەوە مومکین دەبێت کە هاوواتاگەڵێک لە نێو زمانەکاندا هەیە و وەرگێڕان لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی باشترین و نزیکترین هاوواتا بۆ دەقی سەرەکی لە نێوان هاوواتا هێزەکییەکان لە زمانی مەبەستدایە. ئەم هەڵبژاردنە بە پێی پێوەرەکان، بەکارهێنانەکان و شێوازە سروشتییەکانی زمانی مەبەست، ئەنجام دەگرێت.

وەرگێڕان بە پێی ئەوەی کە لە کام بواردا دەکرێت ـ فەلسەفە، کۆمەڵناسی، زمان و ئەدەبیات، ئوستوورە، فیزیک و شیمی و ... ـ تایبەتمەندی جیاواز و تایبەت بە خۆی هەیە. لەم نێوەدا ئێمە باسەکەمان وەرگێڕانی ئەدەبی و بە دیاریکراوی وەرگێڕانی دەقی شانۆییە.

زمانی شانۆ بە هۆی ئەوەی کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەردەنگ هەیە و لە کۆمەڵێک دیالۆگی نێوان کەسایەتییەکان پێک دێت، دیارە دەبێ خاوەن هەندێک تایبەتمەندی جیاوازتر لەو زمانە بێت کە لە ئەدەبی داستانی یان شیعردا کاری پێدەکرێت و هەروەها لە بەر ئەوەی کە شانۆ هونەرە نابێ زمانەکەی زمانی ئاسایی دیالۆگی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمان یان چیرۆکێک بێت. هەر بۆیە ئەو زمانەی کە پێویستە لە شانۆدا کاری پێ بکرێت، زمانێکە کە کەمتر وەرگێڕێک دەتوانێ کار پێ بکات و هەر بۆیەش وەرگێڕەکان کەمتر خۆیان لەم بوارە دەدەن، ئەو دەگمەن کەسانەش کە لەم بوارەدا کار دەکەن، زۆربەی هەرە زۆریان بە هۆی ڕەچاو نەکردنی ئەم تایبەتمەندییانە نەیانتوانیوە دەقێکی وەرگێڕدراوی سەرکەوتوو بخولقێنن.

دەقێکی وەرگێڕدراوی شانۆیی سەرکەوتوو دەبێ چەند تایبەتمەندی هەبێت. یەکەم ئەوەی کە وەرگێڕەکەی ئاگادار و پسپۆڕی هەردوو زمانەکە چ سەرەکی و چ مەبەست بێت و دووهەم ئەوەی کە بزانێت چ دۆخێک چۆن وەردەگێڕێت. لە کۆتاییشدا ئەوەی کە بتوانێت هەڵاوێری نێوان زمانی شانۆ و دیالۆگی سادەی ڕۆژانەی خەڵک و دیالۆگ کەسایەتییەکان نێو چیرۆک و ڕۆمانەکان بکات و زمانی هیچیان بۆ ئەویدی بە کار نەهێنێت.


هیئت تحریریه

مدیر مسئول
هیوا حاجی‌محمدی
اسماعیل پاشایی

سردبیر
رضا شجیعی

هیئت تحریریه
وریا غفوری
ابراهیم شوقی
یونس حسینی

گرافیک، جلد و صفحه‌آرایی
آزاد سرخی

عکس
خالد سعیدپور
حیدر شجیعی

حروفچینی
مسعود ایازی

چاپ
نشر گوتار سقز


Scanned with CamScanner

ایستگاه آخر

## چهارمین روز جشنواره
## و چهار اجرا



سیزدهمین جشنواره تئاتر کُردی سقز در چهارمین روز برگزاری با اجرای ۴ نمایش به ایستگاه آخر رسید. "به ته‌نیا ژنیک" با کارگردانی محسن ضیایی از مهاباد، اولین نمایشی بود که در ساعت ۱۰صبح بر روی صحنه رفت. اجرای دوم پنج‌شنبه نمایش"سه‌مفۆنیای ئاژه‌ڵه‌کان" بود. کارگردانی این اثر را حسن ترقی به عهده داشت. "ته‌یه‌ل" اجرای سوم بود که در پلاتو به اجرا درآمد. این نمایش کاری از سعید خیراللهی از دهلران بود. آخرین اجرای جشنواره، اجرای نمایش "سپی‌مه‌ند" با کارگردانی دکتر قطب الدین صادقی و با بازی گروهی از هنرمندان حرفه‌ای از شهر"ئامه‌د" بود.

همچنان که انتظار می‌رفت اجرای "سپی‌مه‌ند" با استقبال بی‌نظیر تماشاچیان روبروشد به گونه‌ای که دو ساعت مانده به زمان اجرا سالن انتظار مملو از مشتاقان تئاتر کوردی بود. این حضور بی‌نظیر تماشاجیان مشتاق و محدودیت ظرفیت و گنجایش تنها آمفی تئاتر شهر، نیاز مبرم به سالن‌های بزرگتر و مجهزتر را متذکر می‌شود.

لازم به ذکر است این نمایش به همراه نمایش "ئه‌وه‌ی رووده‌دات گرینگه" به کارگردانی مهدی حسن سعید از "هه‌ولێر" دو نمایش بخش جنبی جشنواره‌ی سیزدهم بودند.

نگاه

## مسئولان به ارتقای زیر ساخت‌ها و هنرمندان به علم نمایش توجه کنند

حسن پارسایی



حسن پارسایی از اعضای هیأت داوران در حاشیه‌ی برگزاری جشنواره‌ی تئاتر کوردی سقز در جمع خبرنگاران تأکید کرد که: برگزاری کارگاه‌های ارتقای سطح علمی هنرمندان عرصه‌ی نمایش و فراهم سازی امکانات برای پژوهش در این رشته باید تقویت شود.

وی با اشاره به اهمیت برگزاری جشنواره‌های فرهنگی و هنری افزود: کارگردانان برای ارتباط بهتر با مخاطب و درگیرکردن تماشاچی با نمایش باید به خوبی با عناصر ساختاری نمایش آشنا باشند. او با بیان این که تئاتر، رشته‌ای میان رشته‌ای است و با سایر رشته‌های علمی ارتباط دارد، عنوان کرد: این رشته بدون هنرهای تجسمی معنی ندارد و همچنین کارگردان تئاتر باید با روانشناسی، روانشناسی رنگ، جامعه‌شناسی و نشانه‌شناسی آشنا باشد.

پارسایی ادامه داد: باید هنرمندان نمایش به برگزاری جشنواره‌ها چون یک فرصت ارزشمند برای تبادل تجربه‌های هنری و اشتراکات فرهنگی با توجه به حضور هنرمندان با فرهنگ‌های مختلف، نگاه کنند.

عضو انجمن منتقدان خانه‌ی تئاتر با اظهار این که صِرف برگزاری یک رویداد مهم نیست، گفت: باید در کنار برگزاری جشنواره‌ها ، آسیب‌شناسی آن نیز بررسی تا عیب‌ها برطرف و نقاط مثبت، تقویت شود.

لازم به ذکر است که پارسایی، عضو انجمن نویسندگان کودک و نوجوان، متولد سال ۱۳۳۶ است. نمایشنامه‌های' گئوماتا'، 'شکارچی روباه'، 'یک زنجیر برای سه پهلوان'، 'روی خط عابر پیاده'، 'سغدیانوس' و 'ضیافت کرگدن' از آثار پارسایی است.



# شانۆی جیهانیش

## بوونێکی یەکپارچەی نییە

**وتووێژ لەگەڵ ڕفیق نوسرەتی**

**ئەندامی لیژنەی داوەری فیستیڤاڵ**

**ئێوە پێگەی شانۆی کوردی لەگەڵ شانۆی جیهانیدا چۆن بەراورد دەکەن؟**



بۆ ئەمانەوێ شانۆی کوردی لە گەڵ شانۆی جیهانیدا بەراورد بکەین، لە کاتێکدا واقیعیەت ئەمەیە کە خودی شانۆی جیهانیش بوونێکی یەکپارچە و دیاریکراوی نییە کە بڵێین ئەمە شانۆی جیهانییە و ئەمە شانۆی کوردییە. خودی ئەم دووانەییە ڕەنگە بمانخاتە ناو جۆرە تێڕوانینێک کە دروست نەبێ، یانی لام وا نییە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی وا بۆ تێگەیشتنی لە دیاردە جیهانییەکان کەڵکی هەبێ.

**ئێمە کە باس لە شانۆی جیهانی دەکەین مەبەست شانۆیەکە کە لە شانۆی هەموو نەتەوەکان پێکدێ، ئایا شانۆی کوردی بەشێکە لەم شانۆی جیهانییە؟**



دەتوانین لە دوو ڕووەوە وەڵام بدەینەوە:

یەکەم: ئەدەبیاتی شانۆیی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە شوێن ئەوەوەن تا بزانن لە ئەدەبیاتی جیهاندا چ دەورێکیان هەیە؟ ئەگەر لەم ڕوانگەوە بڕوانیین لە واقیعدا ئێمە هیچ بەشێکمان نییە، بە چەند هۆکار دەتوانین لە گۆشە نیگای بەرهەم هێنان و بڵاوکردنەوە و مەسرەفەوە چاوی لێبکەین؟ کام نووسەری ئێمە شانۆنامەکەی جیهانییە؟ یان شانۆنامەکەی بە چەند زمانی جۆراوجۆر وەرگێڕدراوە و فۆڕمێکی نوێ لە شانۆنامە نووسی پێشکەش کردووە؟

لە گۆشەنیگای بڵاوکردنەوە و مەسرەفیشەوە هەروا کە ئەدەبیاتی فارسی ماوەیەکی دوور و درێژە بەم پرسەوە واتە پرسی دەوری ئەدەبیاتی فارسی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا سەرقاڵ بووە، بۆ نموونە نووسەر و ڕەخنەگرێکی وەک ڕەزای بەراهەنی ئاوای وەڵام داوەتە کە سەرنجڕاکێشە: نووسەری ئەمریکی بە شێوەیەکی هێزەکی (بالقوە) بۆ یەک ملیارد کەس دەنووسێ، نووسەری فارس بۆ حەفتا ملوێن و نووسەری کورد بۆ سێ ملوێن کەس دەنووسێ، تەنانەت نووسەری کورد لە مەسرەفیشدا ناتوانێ بچێتە ناو ئەو ڕەوتی جیهانیبوونەوە، بەڵام پێویست ناکات ئەدەبی نەتەوەیەک لە بەر ئەوەی هەرمانی بێت، جیهانی بێت، گەر بتوانێت کێشەکانی خۆی، شێوەبەندی کات و بیورووژێنێ خۆی هەرمان کردووە، بەڵام بە داخەوە شانۆی کوردی هێشتا نەیتوانیوە ئەو جۆرەی شیاو و پێویستە لەم بەستێنەدا کار بکات.

**ئێمە سێزدە خولە دەڵێن شانۆی کوردی، ئایا شانۆی کوردی بوونی هەیە؟ پێناسەکەی چییە و تایبەتمەندییەکانی چۆن دەتوانین دیاری بکەین؟**



با وردتر بڵێم تێڕامانێکی هەستیناسانە لە سەر شانۆی کوردی پێویستە، تێڕامانێک کە خۆمانی لێ گێل دەکەین، سێزدە خولە بەڕێوەی دەبەین بەڵام خۆمان لە پرسیارە سەرەکییەکە گێل دەکەین، لە ڕاستیدا شانۆی کوردی چییە؟ شانۆیەک کە زمانەکەی کوردی بێ؟ دەربارەی مرۆڤی کورد بێ؟ داڵغەکانی مرۆڤی کورد پیشان بدات؟ ئایا داڵغەی کوردێکی دانیشتووی ئەمریکا ئەچێتە ناو شانۆی کوردییەوە؟ یان دەبێ داڵغەی ئینسان گەلێک بێ وا لە جوغرافیایەکی سیاسی بە ناوی کوردستان دەژین؟ بۆ نموونە، شانۆنامەی "لە چاوەڕوانی گۆدۆدا" گەر بکرێتە کوردی، ئایا بە شانۆی کوردی دێتە ئەژمار؟

**ئێمە لەم فیستیڤاڵانەدا دوو فاکتەری پێناسەکاری شانۆمان هەیە،شانۆیەک کە ڕوانینێکی بۆ شانۆی جیهانی هەیە، دووهەم شانۆیەک کە ڕوانینێکی بۆ کولتوور بە گشتی هەیە، ئایا ئەمە دەتوانێ بوونی شانۆی کوردی بسەلمێنێ ؟**



ئەم پرسیارە ساڵانێکە بە ناوی شانۆی نەتەوەیی یان سینەمای نەتەوەیی لە ئێراندا لە ئارادایە. یەکەم کەس "لێسینگ"، دراماتۆرژی هامبۆرگی (١٧٦٧) وتی: هەر نەتەوەیەک دەبێ درامی خۆی هەبێ، درامی ئاڵمانی لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ نیۆکلاسیسمی فەرانسەوی کە ئەو دەم هەژموونی هەبوو، هەوڵی دا پێناسەیەک بۆ درامی ئاڵمانی تۆمار بکات، ئەو چەمکە بۆ ئەو سەردەمە پێشکەوتوو بوو، ئەو جەماعەتەی تا ئەو وەختە وا لە ژێر هەژموونی کڵێسادا بوون ڕزگاریانی دەکرد بۆ چەمکێکی نوێتر کە ڕزگاری بەخشتر بوو، سوڵتەی زمانی لاتینی لە ناو دەبرد و گرینگایەتی دەدا بە زمانە خۆجێیەکان کە تا ئەو دەم کارکردی پەیوەندی خۆجێیان بوو. ئەم هەوڵە بو ئەوە بوو لەو گوشارە کە بە سەر شوناسییانەوە بوو دەرباز بن و بتوانن گەشە بکەن و زمانەکەیان بە چەمکی ئەدەبیات ببووژێننەوە، چونکوو ئەو دەم هەر چی بە زمانی لاتین بوایە ئەچووە ناو خانەی ئەدەبیاتەوە و دیکەی زمانەکان وەک زمانی پێوەندی ناوچەیی سەیر دەکران. ئەو کاتە باس لە درامی نەتەوەیی پێشکەوتوو بوو، من وا هەست دەکەم ئێمە لە وەختێکدا گەڕاینەتەوە بۆ ئەو دەورە کە ئەو تایبەتمەندییە پێشکەوتووەی تیا نییە و خو بەستنەوە بەو چەمکە چەقبەستوومان دەکات، حاڵەتێکی کۆنەپەرەستانە پەیدا دەکات، ئەمە بە مانای ڕەتکردنەوەی شانۆی کوردی نییە. ئێمە دەبێ لایەنە ڕزگاریدەرەکانی شانۆی کوردی بدۆزینەوە، ئیجازەی ئەزموونگەرایی بەم شانۆیە بدەین کە بتوانی ئەو کێشانەی وا خەڵک دەرکی دەکەن بەڵام ناتوانن باسی بکەن و بە جوانی بیناسن، شێوەبەندی بکات. کاری هونەر شێوەبەندی ئەم کێشانە و بە دەرهێنانییەتی لە چوارچێوەیەکی نوێدا.

ئیجازەی ئەو ئەزموونگەراییە لە چوارچێوەی خۆبەستن بە چەمکە کۆنەکان لە شانۆی کوردیدا بەستراوە. شانۆی کوردی دەبێ ئەو ئینکارە مێژووییە بکاتە پرسی ڕۆژ، هەم ئەو کێشە سیاسییانە و هەم ئەو کێشە کۆنانە، هاوکات دەبێ ڕەچاوی پرۆسەی بەجیهانیبوون بکات. بە وتەی واتسلاو هاول بەجیهانیبوون جیهانە چکۆلە خۆجێییەکان دەفەوتێنێ، شانۆ دەبێ خۆجێی بێ، جیهانی بێ، سیاسی بێ بە واتای ئەمری سیاسی. تەنیا نبووغ دەتوانێ لەو هەموو کێشەیە شێوەبەندییەک بداتە دەرەوە، کە ئەگەر هەموومان شانۆکەمان بینی بڵێین ئەوە پرسی ئێمەیە.

**بێجگە لەمە پێت وا نییە داڵغەی هونەرمەندی کورد جیاواز بێ لە هونەرمەندێکی بۆ نموونە تارانی؟**



باوەڕم بەوە نییە، با پێکەوە چەند هۆکار بێنینەوە بۆ نموونە خودی پرسی شوناس دەبێ زۆر بە وردی موتالا بکرێت و ئەمە پرسێکی زۆر گرینگی کۆمەڵناسییە. بۆ نموونە ئایا ئەم چەند ساڵە شانۆنامەنووسەکانی ئێمە چوونەتە سەر پۆلەکانی کۆمەڵناسی و کۆرسێکیان لە سەر شوناس خوێندووە؟

**بەڕێزتان بە پێی ئەوەی سەقزین و پسپۆڕی بواری ڕەخنەی شانۆن و ... هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری ئەم فیستیڤاڵەن، ڕەوتی فیستیڤاڵی شانۆی کوردی چۆن دەبینن؟**



واقعییەت ئەوەیە ئەم چەند خولە کە من هاتوومەتەوە، هەر خولیک برووسکەگەلیک دەبینین کە نیشان ئەدات ئێمە شانۆنامەنووسی زۆر باشمان هەیە، بەلام وەکوو برووسکە وایە، وەک ڕووداوێکی تێپەڕ وایە، لەوە ناچێ شانۆنامەنووسی لای خۆمان بە گشتی لە پێنج ساڵ لەمەو پێشەوە گەشەی کردبێ، دوای پێنج ساڵ دێتەوە، تا ڕادەیەک ٨٠٪ی کارەکان هەر وەکوو پێنج ساڵ لەمەو بەر وان، هەر وا پێنج ساڵ لە مەو پێش کەسێک برووسکەیەکی عالی پیشان دابوو، شاکارێک بوو، کە دەپرسی ئێستە کوا؟ چیدەکات؟ دەڵێن: ئێستە کار ناکات! تاقەتی نەماوە!

دووبارە بە هەمان شێوە شانۆنامەنووسێکی دی سەرهەڵدەدات و شاکارێک دەخولقێنێت و تۆ لەوە دەترسیت ئەمیش دوای پێنج ساڵ واز لە نووسین بێنێت. کە باس لە ٨٠٪ زۆرینە ئەکەم وا خۆیان دووبارە دەکەنەوە، مەبەستمان ئینسانی نەگۆڕ نییە بەڵکوو ئایدیایەکی نەگۆڕیان هەیە، دەڵێی ئەم ئایدیا نەگۆڕە ساڵانێکە لە گەڵ ئێمەدا هەیە و نابزوێ و هۆکارەکەی بێ‌تەعاروف بڵێم دەگەڕێتەوە بۆ کەم خوێندنەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئینسانەکان بەردەوام خۆیان دووبارە بکەنەوە. تووشی کۆمەڵێک پێشفەرز بن کە هیچ کات نەتوانن شکی تیا بکەن، هەمیشە بۆیان نەگۆڕە.

**سپاس کە کاتی خۆت بۆ ئێمە تەرخان کرد.■**



عەلی سوهرابی

# شانۆ و دیالۆژی کوردی

سەرچاوە زانستییەکان، ئەوانەی لە مەڕ هونەری شانۆ دواون، کۆمەڵێ هەلومەرجیان داناوە بۆ بەرهەمهێنانی کاری شانۆیی، کە بە تێکستی نووسەر دەس پێدەکات و بە نمایشی سەر شانۆ کۆتایی دێت.

د. ماجدە موورادی خاوەنی تێزی زانستی لە بواری درامادا، ڕەگەزە سەرەکییەکانی کاری شانۆیی بە سەر سێ بەشی بێروکە، چنین، دیالۆگ دەزانێ.

بێروکە: بناغەیە بۆ ڕووداو و ململانێی ئەکتەرەکان و دەورگێڕەکان کە ڕەگەزێکی سەرەکی و گەورە و بونیادی شانۆییە و ئەفراندنی نمایشە.

چنین: هەمان دارشتنە کە مەزنترین توێژەری کایەکانی شێعر و هونەری یۆنانییەکان (ئەرەستوو) ئاماژەی پێ کردووە. چنین هەمان میتۆدە کە نووسەر چیرۆکەکەی پێدەگێڕێتەوە. پاشان پێمان دەڵێ کە چۆن ڕووداوێ کار لە یەکێکی دیکە دەکات و چۆنچۆنی ئەکتەرەکان گەشە دەکەن.

بە دوای بێروکە و چنیندا دیالۆژ یان دیالۆگ دێ و دوای ئەویش ئەکتەرە و بە وەش هەر چوار ڕەگەزی پێکهاتنی کاری شانۆیی کۆتاییان دێ.

لە فەرهەنگی شانۆ (یاسین قادر بەرزنجی،٢٠٠٨: ٤٥) بەمجۆرە پێناسەی دیالۆژ کراوە و ئەرکەکانی لەم خاڵانەدا دیاری کراوە:

١ باڵ بە گەشەکردنی ڕووداوی شانۆییەوە دەنێ.

٢ گوزارشت لە ڕەهەندی ئەکتەرەکان دەکات کە بریتین لە جەستەی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و بایۆلوژی.

٣ وا لە بینەر و جەماوەر دەکات کە نمایش بە واقیع بزانێ.

دیالۆژ بەرهەمی زمانە. زمانیش دوای ئاماژەی جەستەیی یەکەمین ئامرازی پەیوەندی نێوان مرۆڤە و فاکتەری سەرەکی لە یەکتر گەیشتنیانە. زمان، ئامرازێکی زیندوو و بناغەییە، ئامرازێکی گوزارشتە لە ناخی مرۆڤ و پێکهاتەی بیرورا و هەست و سۆزەکانی.

لە کۆنفوسیوس فەیلەسووفی وڵاتی چین سەبارەت بە بایەخی زمان دەپرسن کە: گەر بوویتە فەرمانڕەوا چۆن چۆنی کۆمەڵ چاک دەکەیت؟ ئەویش وڵامی داوەتەوە: بە چاککردنی زمان. گوتویانە جا زمان چ پەیوەندییەکی بە هەڵسوکەوتی خەڵکەوە هەیە؟ ئەویش گوتویەتی: زمان ئامرازی زانینە. کاتێ بە هۆی زمانەوە زانیاری واتایەک دەگەینی و خەڵکی تێی ناگەن، ئەوا بەد حاڵی بوون درووست دەبێ و ئەوەش کار دەکاتە سەر هەڵسوکەوتی بەرامبەر، بەڵام ئەگەر زمانەکە کۆک و ئاشکرا بێ ئەوا خەڵک لێی حاڵی دەبن و ئەنجام هەڵسوکەوتیشان جوان دەبێت. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین دیالۆگ و زمان کاریگەرترین ڕەگەزی شانۆییە کە دەتوانێ خەلک و کۆمەڵگا بگۆڕێ. زانیارییەکان بباتە سەرێ.

پرسیار ئەمەیە کە شانۆی کوردی و نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەری کورد لە ڕەوتی دیالۆژ و زمانەوە تا چ ڕادەیەک توانیویانە ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن؟ بە تایبەت کە سێزدە ساڵ لە میهرەجانی شانۆی کوردیی سەقز تێپەڕیوە.

هەر دە ساڵ جیل و نەسڵێک بە دی دێت. شانۆی کوردی چەنێ لە بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاری ئەم نەسڵە ڕۆڵی هەبووە؟ چەند شانۆکاری هەڵکەوتوو لە کورددا بوونەتە ناوی ئەوتۆ، کە بەردەنگ و جەماوەر بە پەرۆشی ببینی بەرهەمەکانیان بێت؟ شانۆی کوردی کارێکی وای کردووە کە بە تەنیا هۆگری ئەوان بین کە بە زمانەکەی خۆمانە، یان هەر بە دوای فارسی و بێگانەکاندا وێڵین؟ تێکستی کوردی چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە کە ئێمەی کورد لەمەودوا بتوانین وەک ناسنامەی شانۆییمان لێی بڕوانین؟ ئایا ئێمەش دەتوانین وەک فەڕەنسییەکان کە بە شانۆ شۆڕشیان کرد و ئاڵوگۆڕیان بەدیهێنا، بتوانین بە شانۆی کوردی ئاڵوگۆڕ بە سەر یاساگەلی هەڵەی کۆمەڵگادا بێنین؟ یان بە وتەی یەکێ لە پسپۆڕان وەک سینەمای ئێران بێوزە دەبین کە چل ساڵ پێش «قەیسەر» بۆ وەگرتنی حەق، خوێنی دەڕشت و «فرۆشیار ـ فروشندە»ی ئەسغەر فەرهادی بەڕێزیش بۆ پاراستنی مافی خۆی، کابرای هێنا حاڵی مەرگ و هیچ پرسێکیان بە یاسا نەکرد و ئەم پرسیارەی لای من ساز کرد کە هونەری سینەما چ ئالتەرناتیڤێکی بۆ بەرگری لە بێقانوونی لە کۆمەڵگادا پێشنیار داوە کە ئێمەی مرۆڤ بە هەڵی هونەر بتوانین دوای نزیک بە نیو سەدە، پشت با یاسا ببەستین؟ دیالۆگی ڕاستەقینە و بێدرۆشمی شانۆی کوردی بۆ کومەڵگای کوردی چییە؟ چەنێک دەخایەنێ «دیالۆگ» لای ئێمە ببێتە باو و باوەڕ ...؟!■



رحمان عزیزی

# نگاهی عمیق به ادب شفاهی

## خوانشی بر نمایش "چریکه‌ی چیای هالۆز"

ادبیات شــفاهی در کوردستان هیچ وقت دستخوش دگرگونی بنیانی و یک‌باره با تغییرات ساختار حکومتی و عقیدتی نبوده و نیســت و هیچ گاه از مردم جدا نشــده بلکه همیشــه با مردم به پیش آمده و همگام با فرهنگ مردم مدرن شده است. همزمان با ورود مدرنیته وتغییر سطح فرهنگی و پیشرفت مدنی کوردستان فرهنگ وهنر خصوصا" ادبیات شفاهی هیچ گاه از مردم فاصله نگرفت و همیشه بامردم بوده است و دلیل اصلی این ماندگاری ادبیات شفاهی با مردم در کوردستان وجود تفسیر درست روشنفکران وعالمان مردمی از معنای درست مدرنیته و پیشرفت بوده و هست.

ادبیات شــفاهی کوردی سرشــار از ســاختار دارماتیکی و نمایشــی گونه‌ی است که ادبیات شفاهی کوردستان را از دیگر ملل متمایز می‌سازد و با وجود تغییرات بنیادین در شکل حیات و گسترش تکنولوژی، مانا مانده است.

بختیار پنجه‌ای نویســنده و کارگردان نمایــش "چریکه‌ی چیای هالۆز" با بهره‌گیری از این ادبیات و تفسیر درست از معنای مدرنیته، ادبیات نمایشی و ارتباط آن هنر و فرهنگ ملی، دست به خلق اینچنین اثری می‌زند که در تاریخ تئاتر کوردی ماندگاری خواهد داشــت و برگی از آن را به خود اختصاص می‌دهد.

بیت "ســیدەوان" به عنوان بخشــی از فرهنگ شــفاهی کوردستان همیشــه دست مایه‌ی هنرمندان نمایش بوده است، خصوصا در مهاباد که یکی از خاستگاه‌ها ومهد ادبیات شفاهی است.

بیت ســیدەوان در ســال‌های دهه‌ی شــصت نیز توســط محمد کریمی بازنویسی و توسط هنرمنــد منــاف ایرانپناه به صحنه رفت و اینک نیز بختیار پنجه‌ای با بهره‌گیری از این نشــانه و معرفت فرهنگی ادبیات شــفاهی کوردستان در قالب نو و به روز رسانی شده و "چریکه‌ی چیای هالۆز" را خلق کرده است.

پنجه‌ای به خوبی از تاثیر این ادبیات در هنرهای نمایشی آگاه است و با بهره‌گیری از تغییر و تحولات عرصه‌ی هنر، سنت‌ها و فرهنگ به بازآفرینی دست می‌زند.

کارگردان با وبهره‌گیری درست از ادبیات شفاهی در یک قالب نوین و با بهره‌گیری از ساختار درســت نمایشــی در اجرا و ریتم و حرکت و فرم و سبک و سیاق درست اجرایی، ار ابتدا تا انتها مخاطبانش را درگیر نمایش نگهداشت و به خوبی از این تقدس و بزرگی ادبیات شفاهی مردمی اســتفاده کرد و با چند دیالوگ کوتاه در مورد ســرآغاز بهار و شــروع سال نو و رستاخیز طبیعت و زندگــی مجدد متناســب با جهانبینی مردم، تاکید فراوانی کــرد و قدرت مطلقه جاری زندگی حتی پس از مرگ، قدرقدرت‌ترین انسان‌ها را به تصویر کشــید و بــا ذهنیت مخاطبین خود به چالش کشید.

ادبیات شــفاهی کوردی از زندگی مردم غیرقابل تفکیک وعنصر جداناپذیری است که باعث می‌شود آثاری چون چریکه‌ی چیای هالۆز نیز ماندگار شوند و از آثار هنری گردد که آیین ها و سنت ها و علایق ملتی را برای نسل های بعدی بازگو کند.

نمایش چریکــه‌ی چیای هالــۆز اجرایی بی نظیر برگرفته از اثــری بیاد ماندنــی و هرگز فراموش‌نشدنی سیدەوان از شاهکارهای ادبی برگرفته از هویت ملی و سنتی مردم کورد بوده است.

ســیدەوان یکی از منابع اقتباسی برای اجرای یک اثر و شاهکار نمایشی است به شرطی که به مانند بختیار پنجه‌ای بتوان خوانشی درست و اصوالی از آن داشته و اسطوره‌ها وهویت ملی را به درستی به کار بریم چرا که این دو رکن اساسی و جدایی‌ناپذیر از هم هستند.

بــرای این هنرمند عزیــز وهمه بازیگــران و عوامل اجرایی چریکه‌ی چیــای هالۆز آرزوی سربلندی در دنیای عشق وامید را دارم و دست شان را به گرمی می‌فشارم . درود درود درود.



خالید حەیدەری

# شانۆی کوردی دەوڵەمەندتر بووە

خالید حەیدەری

ســیزدەهەمین دەور و خولی جەژنی شانۆی کوردی کۆتایی پێهات و رۆیی بەرەو مانەوە لە نێو لایەرەی مێژوودا و ئەویندارنی ئەم فیســتیڤاڵە، دەبێ هەر لە ســبەی‌را خۆ تەیار کەن بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان و خولی داهاتوو.

شــانۆی کوردی بە پــەرە و بایەخدان بە زمانی کوردی و بەرباسنانی کێشەکانی رۆژانەی کۆمەڵگای کورد لە رێگەی دارشتنەوەی بەیتەکان و توێژینەوە لە سەر داب و نەریتی کۆن کە سەرچاوەیەکی بەهێز و دەوڵەمەندە، بە خۆشــحاڵییەوە ســەرنجی هەموو لایەکی راکێشاوە.

بە لای منــەوە هەمــوو هەوڵــەکان بەرەو دەوڵەمەندکردنی شــانۆی کــوردی هەنگاوی ناوە و بیــری نەکەین دەوڵەمەندی بــە کاری بەردەوام لە بواری زانســتی، بارهێنان و فێرکردن و پەرەدان بە بۆچوونی جیاواز و گرینگی دان بە ویســت و خوازی کۆمەڵــگا هەوڵدان بــو بەربلاوکردنــی جوغرافیای بەشداربووان، بایەخدان بە دارشتنی پلاتێکی گونجاو بۆ پەرەپێدان بە کولتووری پشــتگیری و سپانسێری هاولاتییــان بۆ وەلانانــی گرفتی ماڵــی، کە ئەمرۆ کێشەی ســەرەکیی سەرجەم شــانۆکارانی ولاتە.. مسۆگەر دەبێ.

بە چاوخشــاندنێک بەســەر هەموو خولەکانی پێشوو، شێوەی بەرێوەچوونی جەژنی شانۆی کوردی ئەم خاڵە بەرجەســتە بە روونی دەردەکەوێ خول لە پاش خول خەســارەکان کەمتر بوونەتەوە و جەژنی شــانۆی کوردی بــەرەو دەوڵەمەندتربوون هەنگاوی بەهێــزی نــاوە و ئەمرۆکە چیدی کــەش و بواری فەرهەنگی کــوردی ناتوانێت بیر لە نەبوون و غیابی ئەم فیســتیڤاڵ و جەژنە مەزن و پیــرۆزە بکاتەوە. هەرچەنــد کەموکووری هەن بــەڵام ئومێدی ئەوە دەکری وەک پێشــووتریش ببینیومانە خەســارەکان کەمتر و کەمتر ببنەوە.

لــە کۆتاییدا، قســە کورت کەینــەوە با تەمەن درێژ بێت، جێی خۆیەتی تا قەدر و رێز و حورمەتی تایبــەت دابنێین بۆ ســەرجەم ئەوانەی، بۆ مانەوە و گەشەداربوونی ئەم فیستیڤاڵە زەحمەت دەکێشن و بەرپرسانە مامەڵەی دەگەڵ دەکەن ...



Scanned with CamScanner

# دەرهێنەری ئەستێرەبوونە!

### وتووێژ لەگەڵ نووسەر و دەرهێنەر سەلاح محەمەدی



**کاک سەلاح گیان بەخێر بێ. سێزدە خولی فیستیڤاڵی شانۆی کوردی بەڕێوە چووە، دیارە ئەمە ڕووداوێکی گرنگی فەرهەنگییە لە ئێران و سەرجەم کوردستاندا. ئەم فیستیڤاڵە کە هەر لە سەرەتاوە ناوی شانۆی کوردی لێنرا، لەگەڵ خۆی کۆمەڵێک پرسیاری دروست کرد. بڵێی مەبەست لە پاشگری کوردی لە شانۆدا چی بێت؟ دیارە یەکەم شت کە بە مێشکدا دەهات لەم پێوەندییەدا، ئەوە بوو کە دەبێ زمانی شانۆکە کوردی بێت. سەرەتای مێژوو فیستیڤاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ١٧ ساڵ پێش ئێستا، دیارە پێشتر لەوەش شانۆی کوردی مێژوویەکی هەبووە. مێژوویەکی هەبوو بەڵام مێژوویەکی پەرش و بڵاو و هەر یەک لە شوێنی خۆیەوە کاری دەکرد و شێوەیەکی سیستەماتیکی نەبوو. فیستیڤاڵ توانی هەموو ئەو هەوڵە پەرش و بڵاوانە لە شوێنێکدا چڕ بکاتەوە. ئێستا ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەم سێزدە ساڵەی شانۆی کوردیدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە سەرجەم ئەم هەوڵانە لە دوو فاکتەردا دەگیرسێنەوە. واتا دوو فاکتەر بە شێوەیەکی کردەوەیی و تیۆری، بۆ پێناسەکردنی شانۆی کوردی هاتووەتە مەیدان. پرسیارەکە بە فاکتەری یەکەمەوە دەست پێدەکەین یەک لەو فاکتەرانە جەجت لەوە دەکات کە شانۆیەک کوردییە کە دەقەکەی بە زمانی کوردی نووسرابێت و لە لایەکی دیکەوە ئەوەی کە لێرەدا گرنگایەتی خۆی دەنوێنێت؛ باسی زمانی شانۆییە لە زمانی کوردیدا. بەڕای جەنابتان بۆ ئەو کارانەی تا ئێستا هاتوونەتە فیستیڤاڵەوە، شانۆی کوردی بە گشتی سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی زمان چ لایەنگەلێکی لاواز و بەهێزی بە خۆوە بینیوە؟**



سپاس بۆ ئێوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە سەرەتاوە مەبەستێکی جیاواز لە پشت دانانی پاشگری کوردی بۆ شانۆ هەبوو. بەڵام کەسێکی وەک من هیوای وابوو ئەم چالاکییە لە بەردەوامیدا بگات بەو شوێنەی کە هەر کام لە ئێمە پێدەچێت بە شێوەیەک کەڵکەڵەمان بێت. دیارە ئەمە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت.

بەلام ئایا ئەمە ئەتوانێ باش بێ یان نا ئەوە بابەتێکی دیکەیە. لەم ماوەدا کە فیستیڤاڵی شانۆی کوردی دەست بە کار و خەباتەکانی خۆی کردووە توانیوەیەتی چ کاریگەرییەک دابنێت و خاڵی ئەرێنی و نەرێنی لێ بکەوێتەوە یان بەم ئاراستەیەدا هەنگاوی هەڵگرتبێت. من پێموابێ هەوڵەکە ئەوەیە بە هۆی نەبوونی یان باشترە بەم شێوەیە دەریببڕم؛ شانۆی کوردی دەتوانێ خاوەنی چ گرنگییەک بێت کە زمانەکەی کوردی بێت و لەم سۆنگەوە بگات بەو زمانە شانۆییە کوردییە. ئایا دەتوانین بگەیەن بە خاڵێکی وەها یان هەر لە بنەڕەتەوە، گەیشتن بەو خاڵە پێویستە؟ واتا ئەگەر ئێمە زمانێکی شانۆیی کوردیمان هەبێت، چ سوودێکی بۆمان هەیە؟ من لەو بڕوایەدام ئێمە بەو هۆیەی پەروەردەمان بە زمانی دایکیی نییە، شانۆی کوردی دەتوانێ بیانوویەک بێت، دەرفەتێک بێت، ئامرازێک بێت بۆ ئەوەی تا ئاستێک ئەو بۆشایی نەبوونی پەروەردە بە زمانی کوردی تا ئاست[illegible]ڕ بکاتەوە. بۆچی؟ چونکە زمانی شانۆ زمانێکە کە ئێمە قسەی پێدەکەین، پێوەندیی پێ وەردەگرین، بیری پێدەکەینەوە. شتێک کە بەرەی ئەمڕۆ بە جۆرێک مەودایەکی لەگەڵی هەیە. دەرکی ناکات یان باشتر وایە بڵێم حەزی پێناکات. یان بە شێوەیەک هیچ سەرنجڕاکێش نییە بۆی. هەروەها کە ناتوانێ لەگەڵ مۆسیقاکەش پێوەندی وەربگرێت. بۆچی؟ چون لە درێژایی ڕۆژدا ئەوەندە شتی دیکەی بۆ دووپات دەبێتەوە. ئەوەندە شتی دیکە لە لایەنی دیکەوە کە هەموو شتێکی بە دەستە بۆ دووبارە دەبێتەوە کە ئێمە کە بە شانۆی کوردییەوە هێزمان بەوانە ناشکێت. بەڵام سەرەڕای ئەمانە، ئەم هەوڵە دەبێ هەر بەردەوام بێت، چونکە کۆمەڵێک خەڵک وەک شانۆکار کە بە هونەری شانۆوە سەرقاڵن، بە کۆمەڵێکی گەورەترەوە سەرقاڵن. لە خۆشنووسەوە بگرە تا دەگاتە ئەدیب و مۆسیقار و ... ئەم پێوەندییە لە نێو ئێمەدا نییە. سەرجەم ئەمانە بۆیە باس دەکەم کە بڵێم ئەم پاشگری کوردییە دەتوانێ چ گرنگییەکی بۆ ئێمە هەبێت؟ چ کارکردێکی هەبێت؟

یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردنی ئەمجارە باسی بابەتێکی کردبوو کە من لە وتووێژەکەیدا خوێندمەوە؛ بەڕێز باقر سرووش ئاماژە بەوە دەدات کە پاشگری کوردی بە دوای شانۆوە ئەوەندە شتێکی گرنگ نییە کە ئەوەندە زگەدڕێی لە سەر بکرێت، بەڵکوو ئەمە هەنگاوێکە بە ئاراستەی پاراستنی هەژمۆنی و دەسەڵاتی زۆرینەدا و ئەمە خواستی زۆرینەیە کە شانۆی ئێمە ئەم پاشگرەی پێوە بلکێت. ئایا ئێمەی کورد وشیارانە و بە زانابوون بە نووساندنی ئەم پاشگرە ویست و هەژمۆنی زۆرینەمان قەبووڵ کردووە و پێداگری لە سەر دەکەین یان نا، ئێمە؛ یەکەم ئەوەی کە پێدەچێت بە شێوەیەکی نابەرهەست ئەوە نازانین و بە ئاراستەی ئامانجەکانی ئەویدیدا هەنگاو هەڵدەگرین یان بە زانابوو خەریکین ئەم پاشگرەی پێوە دەلکێنین. مامۆستا بەختیاری کە لە خولی یازدەهەمدا بەشداری فیستیڤاڵ بوو دەیگوت: "نازانم ئەم پاشگرە وەک سیفەت سەیر بکەم یان وەک دیارخراو (مضاف‌الیه)، ئەگەر سیفەت بێت من کێشەم لەگەڵی نییە، بەڵام وەک دیارخراو کێشەیە بۆ من، چونکە شانۆ لە بنەڕەتدا موڵکی ئێوە نییە یان ئەوەی شتێکتان لێ زیاد کردبێ یان بتانەوێ شتێکی لێ کەم بکەن کە بەمجۆرە ناودێری بکەن." بە پێچەوانەی مۆسیقاکەمان، ئێمە دەڵێین مۆسیقای کوردی، تەنانەت نیگارکێشیی کوردیشمان هەیە، بەڵام بۆ شانۆ ئەمە گونجاو نییە، چونکە شانۆ هینی ئێمە نییە و ئێمە هیچمان لێ زیاد نەکردووە. سەرەڕای هەموو ئەم باسانە کەڵکی ئەم پاشگرە چییە و لە ماوەی ئەم سێزدە خولەدا چیمان کردووە؟ تاقە شتێک کە لەم سێزدە خولەدا کراوە ئەوەیە کە زۆر کەس لە شانۆکاران بەر لەم فیستیڤاڵە تەنانەت نەیاندەزانی کوردی بنووسن، ئێستا زۆربەی ئەوانەی کە بە فارسی دەیاننووسی و دەیاندایە کەسێکی دی وەریبگێڕێتەوە بۆ کوردی، خۆیان بە کوردی دەنووسن. ئەم هەنگاوانە بووە هۆی ئەوەی کە بتوانرێ بۆ یەکەمجار کتێبی ڕۆژمێری شارێک بڵاو بکرێتەوە کە ئێمە باسی ئاستی شانۆیی کتێبەکە ناکەین، بەڵام وەک یەکەم هەنگاو دەکرێ وەک بەرایەندی ئەو شانزە حەڤدە ساڵەی ئامادەبوونی شانۆی کوردی سەیر بکرێت. با دیسان بگەڕێینەوە بۆ باسی کەمینە کە بەڕێز باقر سرووش ئاماژەی پێداوە، لێرەدا دەبێ ئاماژە بە باسێک بکەم کە دلۆز و گۆتاری لە سەر بەرهەمەکانی کافکا بە ناوی ئەدەبیاتی کەمینە ئاماژەی پێدەکەن. ئەم وتانەی بەڕێز سروش خستمیە سەر هەوای ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ئەوە بکەم کە ئایا ئێمە وەک کەمینە خاوەن پوتانسیەل و توانستێکی وەها هەین کە بۆ نموونە وەک جوولەکەکان لەگەڵ زمانی ئەڵمانی و چێکیدا کردیان، بکەین. ئایا ئێمەش دەتوانین ئەمە بۆ زمانی کوردی و زمانی فەرمیمان بکەین یان نا؟ بە ڕای من ئەم پاشگرە دەتوانێ هەوڵێک بێت بۆ سڕینەوەی ئەو

ئەم ڕۆحی کوردییە من بە شێوەیەکی دیکەی دەبینم، دەڵێم ڕۆحی مرۆڤی کورد کە دەبێ بڵێین ئێمەش وەک مرۆڤێک خاوەن بیرکردنەوەی سەردەمی و هاوچەرخین

زیهنییەتی کەمینە بوونە کە ئیدی شانۆ لای ئێمە بگاتە ئاستێک کە گوتمان فیستیڤاڵی شانۆی سەقز، ئەم تێگەیشتنە پێشوەخت لە مێشکی بەردەنگدا ئامادە بێت کە مەبەست شانۆی کوردییە. کە گوترا فیستیڤاڵی شانۆی سەقز ئیدی لای بەردەنگ ئەو تێگەیشتنە دروست بکات کە مەبەست شانۆیەکە هەموو شتی کوردییە.

**با بێینە سەر ئەم بەشەی کۆتایی قسەکانتان؛ لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە، کاتێک باس لە شانۆی کوردی دەکرێت، جگە لە زمانەکەی، گرنگ ئەو دیو زمانەوەیە وەک ئامرازی پێوەندی وەرگرتن، بۆ ئەم پێوندییە دەبێ ڕۆحێکی کوردی لە نێو شانۆکەدا هەبێت، وەک بەرچاوە ڕووکردگەلی جیاواز بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕۆحە کوردییە هەیە، کە بە ڕای من پێموایە هەڵەیەک لێرەدا هاتووەتە ئاراوە، ئەویش ئەمەیە کە بۆ نواندنی ڕۆحی کوردی هەموو هەوڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەیت و کایە کۆنەکان بەدی دەکرێت، واتا تێگەیشتی گشتی ئەمەیە کە بۆ ئەم ڕۆحە کوردییە دەبێ لە میراتی کوردیدا بگەڕێین، بەڵام میراتی کوردیش کورت کراوەتەوە بۆ چەند بەیت و کایە، و لەم نێوانەدا خۆ لە زۆر شتی دیکەی ئەم کەلەپوورە نەبان دەکەن. بۆ نموونە ئاوڕێک لەو گەنجینە دەوڵەمەندەی وەک ئەدەبی حەماسی، عیرفانی، تەغەزولی و داستانی نادەنەوە لە کاتێکدا ئەمانە بەشی هەرە گرنگی میراتی نەتەوەییە. با ڕای بەڕێزتان لەم بارەوە وەربگرین.**



لە ڕاستیدا من زۆر لەگەڵ ئەو ڕۆحە کوردییە نیم. لە ڕاستیدا ئەوەش بە هەنگاوێکی هەڵە دەزانم لە پێناو دووبارە سەقامگیربوونەوەی هەژمۆنی زۆرینە بۆ ئەوەی بڵێت کە ئێمە هەنووکە لە قۆناغی کشت و کاڵیداین. واتا ئەمە دیسان وتنەوەی ئەوەی کە ئێمە چەند هەژارین، چەند گوناحین، چەند پاکین، چەند سادەین. ئەم ڕۆحی کوردییە من بە شێوەیەکی دیکەی دەبینم، دەڵێم ڕۆحی مرۆڤی کورد کە دەبێ بڵێین ئێمەش وەک مرۆڤێک خاوەن بیرکردنەوەی سەردەمی و هاوچەرخین. کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەبێ لە نووسینماندا لە ڕوانینماندا ڕەنگ بداتەوە. لە ئەدەبی شانۆییماندا لە کاری نواندماندا خۆی دەربخات. من لەو بڕوایەدا نیم کە جەستەی من وەک کورد لەگەڵ جەستەی فەڕەنسییەک جیاوازی هەبێت. بەڵام لەوانەیە کردە و دژکردەکانمان جیاوازی هەبێت. من پێموایە ئەوە ئەندیشەی مرۆڤی کوردە چ وەک شانۆنامەنووس، چ وەک ئەکتەر، چ وەک هەموو بەشدارانی کارەکە دەبێ ئەم نوێبوون و هاوچەرخییەی پێوە دیار بێت. کاتێک گەیشتینە ئەو ئاستە ئەوا دەبێ باسی شانۆی کوردی بکەین. لە نێو ئەم بازنەدا هەندێک شت هەیە کە موڵکی ئێمە نییە، یان با بڵێین ئێمە حزوورمان نییە لە نێویدا. ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە

شانۆکار لای ئێمە بە داخەوە خۆی لە بەشی ئەدەبیات دابڕیوە. ئێمە خۆمان لە خوێندنەوەی بابەتە فەلسەفییەکان، بابەتە تیۆرییەکان، سیاسییەکان، کۆمەڵایەتییەکان دوور خستوەتەوە. کە دەست بە کارێک دەکەین چون خاوەن ڕوانینێک نین، هەر ئەو دەقە دێنین دەقاودەق دەیبەینە سەر سێن، بێ ئەوەی بزانین خەریکی چین، ئایا خەریکین شانۆی کوردی دەخولقێنین. لە سەردەمێکدا دەژین پێویستمان بە شوناسخوازییەک هەیە بۆ ئەوەی نەسڕدرێینەوە. بۆ ئەوەی بڵێین لەم جیهانە پان و بەرینەدا شوناسێکیش بە ناوی کوردی هەیە. پاش گەیشتن بەمە ئیدی ئەمجار کێشە نابێت ئەگەر شوناسەکەمان ببێتە چل پارچەوە.

**جەنابت وەک شانۆکارێکی کورد تا چەند ئاگاداری ئاستی شانۆی کوردی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە هەرێمەوە بگرە تا ڕۆژاوا تا ئەرمەنستان و ... هەیت؟**



زۆر کەم ئاگادارم. لە بەر ئەوەی کە شانۆ وەک سینەما نییە کە بە بێ گرفت بتوانی دەستت پێی ڕابگات. ئەوەش کە بە سی دی و لە ڕێگەی نووسینەوە دەگوازرێتەوە ناتوانێت دەربڕی هەموو ئەو شتانە بێت کە لە ئارادان. ئاگادارییەکانی منیش شتێکی گشتییە و دانەبەزیوەتە ئاستی وردەکارییەکان. بەڵام بە گشتی ئاگاداری ڕەوتی شانۆی کوردی هەم و دەزانم کە چی ئەکەن. لە خولی دوازدەدا گرووپێک لە ئامەدەوە بەشداری فیستیڤاڵی سەقز بوون و نواندنێکیان کرد کە بە ڕاستی ئەو ئاستەیە کە من پێموایە شانۆی ئێمە دەبێ پێی بگات. ئەوەی لە شانۆی ئامەددا بە سیستەم و دەزگا بووە، پێویستییەکە بۆ شانۆ کوردی.

**ئەو شانۆیانەی کە دێنە نێو فیستیڤاڵەکان بە شێوەیەکی گشتی تەنیا بۆ فیستیڤاڵ ئامادە دەکرێن و جۆرێک لە پەلە کردنیان پێوە دیارە یان بە دەربڕینێکی دی؛ شانۆ زیاتر لەوەی بۆ نواندن و پێوەندی وەرگرتن لەگەڵ بینەر بکرێت، بۆ بەشداربوون لە کێبڕکێ و وەرگرتنی خەڵات دەکرێت، ئایا ئەمە لە هەناوی خۆیدا چەشنێک مەترسیی بە دواوە نییە؟**



بەڵی بۆ شانۆ خەسارە بەڵام بە جۆرێک دەرفەتە بۆ شانۆی کوردی، بەڵام خراپییەکەی ئەمەیە کە ئەوانەی کە کاری شانۆی کوردی دەکەن، تاقە هەوڵیان ئامادەبوون و حزوورە لە فیستیڤاڵدا. پاش فیستیڤاڵ ئیدی هەموو شت، کوردواتەنی دەخرێتە پشت کەنوو تا فیستیڤاڵێکی دیکە و حزوورێکی دیکە.

**وەک دەزانین جگە لە فیستیڤاڵی شانۆی کوردی گەلێک فیستیڤاڵی دیکەش وەک فیستیڤاڵی شانۆی سەر شەقامی مەریوان و ... بەڕێوە دەچێت، بە جۆرێک هەست ناکەیت ئەم هەموو فیستیڤاڵە بووەتە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی دەرهێنەر؟ دەست بۆ هەر کەس دەبەیت دەرهێنەرە، دەرهێنەریی بووەتە جۆرێک شانازی و ئەکتەر بوون هیچ شانازییەکی بۆ کەس نییە. ئایا ئەمە خەسار نییە؟**



بەڵی وایە زۆر ڕاستە. چونکە لە دوای ساڵی ۵۷ـەوە سیستەمی بوون بە ئەستێرە گۆڕانی بە سەردا هات. ئێمەش شوێنکەوتووی ئەوەین. ئەستێرە دروست کردن، بەر لە شۆڕش لە سەر ئەکتەر بوو، ئێستا گۆڕاوە بۆ دروست کردن و بەرهەمهێنانی دەرهێنەر. دەرهێنەر بوون چونکە دەرهێنەر دوا قسە و قسەی کۆتایی دەکات لەگەڵ کەسایەتی ئێمەدا گونجاوە و دەرفەتە بۆ بەرجەستە کردنی دیکتاتۆرییەتی دەروونمان. لەمەش دا بەدحاڵی بوون و بەدفامییەک هەیە.

**سپاس بۆ بەشداربوونتان.■**



رضا رستمی

# تئاتر یعنی بودن

جای بسی تاسف است در سیزدهمین دوره‌ی فستیوال تئاتر کوردی سقز هنوز نتوانسته‌ایم شناسه‌ای برای تئاترمان مهیا نماییم. نمی‌دانم چه اصراری است که هرباره و هرباره گریزی به روایت‌های قدیمی به سان "خەج و سیامەند" و "سیدەوان" و "گنج خلیل" می‌زنیم. این بدان معنی نیست که ما از چنین گنجینه‌های چشم پوشی نمایم بلکه باید در برخورد با چنین متونی نفسی عیساوار بر آنان دمیده تا پا به عرصه‌ی هنرهای دراماتیک گذاشته و باید بسان بهرام بیضایی با چنین متونی برخورد شود.

آیا وقت آن نرسیده که کلمه‌ی کوردی را از فستیوال «تئاتر کوردی سقز» برداشته و بدان شیوه عمل نماییم که هر گاه نامی از جشنواره‌ی تئاتر سقز برده شد باید بدانیم که با جشنواره‌ای روبرو هستیم که سوای از زبان نمایشگر، با تئاترهای روبرو هستیم انسانی با تمام وجه‌های خوب و بد شخصیتی در جغرافیای فکری معینی با اندیشه مختص به خویش.

و چه بسا تمکین کردن به همین گل واژه از دیدار تئاترهای موفق دنیا محروم باشیم. باید بر این امر واقف باشیم که همانا قبل از این که کورد هستیم انسانیم با تمامی دغدغه‌های انسانی خویش.

ناگفته نماند که این مصیبت بر دیگر فستیوال‌هایمان نیز سایه انداخته مانند: فستیوال داستان نویسی کوردی، فستیوال فیلم کوردی... که این نشان‌دهنده‌ی آن است که هنوز به آثار تولید شده در این فستیوال ایمان نداشته و می‌خواهیم به دیگران بقبولانیم که این آثار کوردی بوده و نباید با آثار ترکی یا فارسی اشتباهی گرفته شود.

آیا گاه آن نرسیده به جای شعار، شناسه‌های روحی روانی و تفکرات و آیین و سنن و مختص به این ملت لحاظ گردیده و در آثار هنری گنجانده شوند و دغدغه‌های یک انسان کورد به نمایش درآید؟ و یا در سیر نزولی تنها به واژه کوردی بودن قناعت کرده و همچنان بر این روند اصرار ورزیم. تداوم این روند تنها نشانه گر عقده‌ی روانی چند هزار ساله ایست که همواره فرهنگ سلطه بر فرهنگ زیر دست روا داشته است.

و حرف آخر اینکه تئاتر یعنی بودن و بودن صرفاً با شعار مهیا نمی‌شود.

هر چند در این سیزده دوره گاهاً شاهد اجراهای موفق بوده‌ایم اما قبل از هر چیز و مهمتر از هر چیز شناسه های تئاتر کوردی را باید تبین نمایم و در راستای تولید آثاری فاخر با شاخص های ملی خویش همت نمایم. ضمنا" این امر نباید به عاملی بازدارنده جهت عدم حضور آثار جهانی در این جشنواره تبدیل گردد.■



Scanned with CamScanner

# شانۆی کوردی و رۆڵی زمان



فەرەیدوون محەممەدزادە

ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، کەمتر شوێنەوارێک لە جل‌وبەرگ، کەرەستە و کەل‌وپەلی تایبەتی ئەو ناوچەیە یان کەرەستەی دەستکرد و خۆماڵی، بوونی هەیە و کەڵک وەرگرتن لەم ئامرازە فەرهەنگییانە بەستراوەتەوە بە ئاهەنگ و بۆنە تایبەتەکان؛ بەڵام هێشتا زمان لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئەو خەڵکانە ڕەنگدانەوەی هەیە.

زمانی کوردی وەکوو زمانی زگماکی ئێمە، سەرەکیترین پێناسەی ئێمەیە. پێداگری فستیڤاڵێک وەکوو شانۆی کوردی پتر لە هەر لایەنێکی دراماتیکی(چوارچێوە، ناوەرۆک، ئامراز و هێماکانی شانۆگەریی کوردی) لەسەر زمانە. فستیڤاڵی شانۆی کوردی بەدەر لە هەموو کەم و کوورییەکانییەوە لە خولەکانی پێشوودا کە هەیبووە و هێشتا هەیەتی، دەستکەوتیشی لەگەڵدا بووە. وەک پێک هێنانی بەستێنێکی گونجا و لەبار بۆ هەڵسوکەوت و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی لە نێوان شارە کوردییەکان، بەڵام دەستکەوتی هەرە گەورەی فستیڤاڵ لە بواری زماندایە.

بوونی چالاکی فەرهەنگی بۆ نموونە شانۆی کوردی بلنتاییەک دروست دەکات بۆ ئەوەی نووسەران و هونەرمەندان خوێندنەوە و توێژینەوەیەکی تر لە زمانی کوردیدا بکەن و بتوانن زۆرتر ڕۆڵی زمان لە ئەزموونێکی وەکوو شانۆ بەرجەستەتر بکەن.

بواری زۆر لە لێکۆڵینەوەی زمانناسی کە لە دڵی ئەم بۆنانەدا دێتە ئەرێ، دەتوانێت لە داهاتوودا بێتە مژاری توێژینەوەی توێژەر و لێکۆڵەران. بۆ نموونە گەڕان و دۆزینەوەی ڕۆڵی زمان بەو چەشنە کە کارل بوهلەر- زمانناسی ئەڵمانی- دای‌هێناوە کە لە دوایدا ڕومەن یاکوبسن-زمانناسی چێکی- و یان موکاروڤسکی تەواویان کردووە.

مەبەست ڕۆڵی سۆزداری، هاندەری، هاودڵی، گەڕاوەیی، سەرووی زمانی و ڕۆڵی شیعری زمانە. لەبەر ئەوەی کە لە بەرەمێدا ئەم ڕۆڵانە بەپێی سێ ڕووی بێژەر کە لەم جۆرەی دراماتیک دەتوانێک ئەکتەران بن، بیسەر کە سەیرکەران و پەیامەکە کە لێرەدا شانۆنامەیە.

بوهلەر دەڵێت بۆ هەر پەیامێک سێ هۆکاری ڕاسپێری پەیام، وەرگری پەیام و ناوەڕۆکی پەیام هەیە. یاکوبسن بەپێی ئەم سێ هۆکارە سێ ڕۆڵ بۆ زمان دادەنێت.

ئەگەر ئاراستەی پەیام ڕاسپێری پەیام بێت، بۆ زمان ڕۆڵێک دابین دەکات کە پێی دەڵێن ڕۆڵی سۆزداری. ڕۆڵی سۆزداری بە دەستەوازەکانی سەرسوڕهێنەر دەگوترێتەوە وەکوو: چ دیمەنێکی جوانە!!! ئەگەر ئاراستەی پەیام وەرگری پەیام بێت ڕۆڵی هاندەر و ورووژێنەری بۆ زمان دەبێت کە بە دەستەوازەی داخوازی دەگوترێتەوە و دەتوانێت دۆخی تکاکاری و فەرمانی بێت وەکوو: بڕۆ بەرداخێک ئاوم بۆ بێنە. ئەگەر ئاراستەی زمان ناوەڕۆکی پەیامەکە بێت، ڕۆڵی گەڕاوەیی بۆ زمان پێک دێت کە بە ڕستەی ڕاگەیاندن دەگوترێتەوە وەکوو: ئەوە دارێکە.

یاکوبسن هۆکارێکی دیکە بۆ هەر پەیامێک دادەنێت و بەپێی ئەو خوێندنەوەیە دوو ڕۆڵی دیکە بۆ زمان قایل دەبێت و لەو باوەڕە دایە هەر پەیامێک بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە پێویستی بە ڕەهەندێک هەیە. ئەم ڕەهەندە پەیوەندییە، ڕەهەندێکی دەروونی نێوان ڕاسپێری پەیام و وەرگری پەیامە. واتە ڕاسپێری پەیام و وەرگری پەیام لە کەناڵێکی پەیوەندی بەسەر دەبەن. دەستەوازەکانی وەکوو "دەنگم دەبیسی؟" ئەم ڕۆڵەی زمان پێی دەڵێن ڕۆڵی هاودڵی.

یاکوبسن هەروەها دەڵێت لە گواستنەوەی هەر پەیامێک ڕەمزێک لە نێوان ڕاسپێر و وەرگری پەیامدا بوونی هەیە. ئەم ڕەمزانە وەکوو ڕێکەوتنێک لە نێوانیاندایە بۆ نموونە بێژەر و بیسەری کوردزمان دەزانن کە "مام" واتە "برای باوک". ئەم ڕەمزانە ڕۆڵێک بۆ زمان دێنێتە ئاراوە کە یاکوبسن پێی دەڵێت ڕۆڵی سەرووی زمان.

یان موکاروڤسکی لایەنی جوانی ناسانەی زمان لەبەرچاو دەگرێت. ئەو باسی هونەر بوونی هونەر لەخۆیدا دەکات. ئەو بە ڕەچاو کردنی ڕوانگەی موکاروڤسکی هۆکارێکی دیکە بۆ پەیام دادەنێت و ئەویش نەفسی پەیامە. نەفسی پەیام و جوانییەکانی، ئەم هۆکارە یاکوبسن بۆ ڕۆڵێکی دیکە هان دەدات کە پێی دەڵێن ڕۆڵی شیعری.

ڕۆڵی شیعری زمان بەرزترین لایەنی ڕۆڵی زمانە و ئەگەر زمانێک بتوانێت بەردەوام و پەیاپەی ئەم ڕۆڵە لەخۆ بگرێت دیارە بەڵگەیەکە بۆ دەوڵەمەندی دراماتیکی ئەو زمانە.

لە هونەری شانۆ و دەقی شانۆگەری هەر شەش ڕۆڵی زمانی پتر لە هەر هونەرێکی دیکە پڕڕەنگ و بەرجەستە دەبێت لەبەر ئەوەی کە هەموو ئەو ئامرازانە کە پەیوەستە بە زمانەوە، وێنەی گوتن لەخۆ دەگرێت و ڕۆڵی زمانی یاکوبسن زەقتر دەبێت.

زمانی کوردی بە هۆی ئەوەی کە زمانی شیعرە و بەشێکی زۆر لە وێژەی زارەکی و نووسراوەیی ئێمە بە زمانی شیعرە؛ ڕۆڵی شیعری زمان لە بەرزترین پلەی ڕۆڵەکانی یاکوبسنە و بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی دەنوێنێت و لە جێگایەک وەکوو شانۆی کوردی ئەو توانایی‌یە ڕاشکاوانە دەردەکەوێت. بۆ نموونە ڕۆڵی شیعری زمان لە هۆنراوەی "پیرە هەڵۆ"ی "سوارە ئێلخانی‌زادە" ئاشکرایە و بە ڕوونی بەدی دەکرێت. ئەو هۆنراوەیە توانای دراماتیکی زۆرە و شانۆنامەی زۆری لەسەر نووسراوە.

کایەی جوانیناسانە بە پیتی «ک» و «و» لە کۆپلەی ئەم هۆنراوەیە:

کەوتە ئەو دەشتە لە ترسا تەق و ڕەو
دەرپەڕی کورکور و کر مایەوە کەو

لە ئەنجامدا شیاوە کە لێکۆڵەران لەم دەرفەتە گونجاوە واتە فستیڤاڵی شانۆی کوردی کەڵک وەربگرن و لە ناخی ئەم فستیڤاڵە ڕوانگەیەکی تازە بدۆزنەوە بۆ زمانی کوردی تا بتوانن هەرچی زۆرتر ئەم زمانە دەوڵەمەندتر بکەن.■



نیهاد جامی

# سینۆگرافیا

## لە شانۆی ئەزموونگەری کوردیدا

کورتکردنەوە و ئامادەکردن:
سامان داروەند

دەرکەوتنی هەر هونەرێک پێویستی بە رزگارکردنە لە مانا زاراوەییەکەی، بۆ ئەوەی بتوانین لە پانتاییەکی فەرهەنگییەوە بیخوێنینەوە، چونکە مانەوەی لەناو مانا زاراوەییەکەی جگە لە ناسین وەک مانای زاراوەیی توانای نیە رۆشنایەک بخاتە سەر مەعریفەی شاراوە، بە تایبەت بۆ رۆشنبیرێکی شانۆیی کە لەناو ئاناماده بوونێکی ترسناکی توێژینەوە و نووسیندا بژیێت.

سینۆگرافیا لەرووی زاراوەییەوە بریتیە لەو شتە بینراوانەی کە دیمەنێکی شانۆیی لە رێگەی رەگەزە پێکهاتووەکانی شانۆ دەخەنە بەر دیدی بینەر، ئەوانەش لەناو سیستمێکی رێکخەر کە خولقاندنی وێنەی شانۆیە کۆکراونەتەوە، ئەوەش زیاتر کاری هونەرمەندی شێوەکارە، بەپێی تەختەی شانۆکە هێلکاری دیمەنەکان دادەرێژێت، پارێزگاری لەنێوان رەنگ و شتە بەرجەستە کراوەکان دەکات. بەڵام سینۆگرافیا بە پێی مانا فەرهەنگییەکەی بەیەکگەیشتنی نێوان هەر دوو هونەری شانۆ و شێوەکارییە. ئەوەش خوێندنەوەی دیمەنی شانۆیە لە مانای زەخرەفەییەوە بۆ مانای فەلسەفی شانۆ کە بە زانست کردنی وێنەیە، بەواتای سینۆگرافیا بریتی نییە لە بەزەخرەفە کردنی وێنەی شانۆیی، هێندەی پەیوەندی شانۆیە بە بیناسازیە شێوەکاریەکەی (هێل، رەنگ، سێبەر، پنت، بارستایی) کە لەو رێگەیەوە دەلالەتی تر بە شانۆ دەبەخشرێت بەتایبەت لەسەر ئاستی بینین، ئەوە بەرجەستە کردنێکی تری پانتایی درامیە.

ئەگەر دەق لە رێگەی وشەوە بتوانێ جیهانبینی فکری نووسەر بخاتە روو لەو رێگەیەوە بینای دەقی درامی بکات، ئەوا سینۆگرافیا پانتایەکی بینراو بەو دەقە دەبەخشێت، پانتایی خەیاڵی زمان دەگوزاێتەوە بۆ پانتایی خەیاڵی وێنە، ئەوە جیهانبینی دەرهێنەر و بە بینراوکردنی وشەیە بۆ بنیاتنانی ئەو ئەتمۆسفێرە شانۆییە.

ئەو سەرەتایە لە شانۆی ئیتالی دەردەکەوێت، بەتایبەت لە کارەکانی (رۆفائیلۆ سانزیۆ) کە هەڵدەستێ بە دیزاینی شانۆیی بۆ کۆشکە کۆنەکان، ئەوەش رێکخستنەوەی دیمەنی بینراو بوو، تەنانەت دەتوانین بۆ دەرکەوتنی وەک ئاونانیش بگەڕێینەوە بۆ ئەو مێژووەی کە پێی ئاسرابوو "لە ٦ ی مارتی ساڵی ١٥١٩ لەهۆڵێکی مەزنی ڤاتیکان رۆفائیلۆ بە ئیلهامی خۆی دەیەوێ دیمەنی شاری فیرارا نیشان بدات، یەکێک لە میوانەکان لەبەرامبەری وەستاو پرسی ئەو نیگار کێشانە چی دەکەن؟ لەوەڵامدا پێی ووترا ئەوانە خەریکی سینۆگرافیان"

بەهۆی ئەوەی رێنیسانس بەتەنیا گەشەسەندنێک نەبوو تەنیا لە تاکە وڵاتێکی وەک ئیتالیا بێت، بەڵکو تەواوی ئەوروپای گرتبۆوە، بۆیە لەگەڵ خۆیدا سینۆگرافیا بەتەواوی شانۆی ئەوروپی ئاشنا بوو، بەتایبەت لەسەدەی ١٧ لەو سەدەیەدا دیارترین گۆڕانکاری لە دیمەنەکان کرا، سەرەتا پەردەی پێشەوەی شانۆ بە چەندین شێوەی جیاواز بەکار دەهێنرا، ئەوە جگە لە پەردەی ناوەوە کە وێنەی لەسەر دەکرا بۆ ئەوەی وەک دیمەنی تر بەکار بهێنرێت، بەواتای شانۆ چەند دیمەنێکی جیاوازی وێنە کێشراوی بەخۆیەوە دەبینی.

ئەو بنەمایە بووە هۆی ئەوەی سینۆگرافیا بەپێی گەشەسەندنی ژیار و تەکنەلۆژیا گۆڕان بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ سینۆگرافیا تەنیا لە شانۆی ئەوروپیدا دەرکەوت، قۆناغی دووەمی دەرکەوتنی سینۆگرافیا بەرەنجامی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیەی دوای جەنگی دووەمی جیهان بوو، کە شانۆی ئەبسێرد تیایدا لەدایک بوو، سینۆگرافیا تیایدا زانست و مەعریفەیەکی بینراوی شانۆیی بوو، بووە رووبەرێکی سیمیۆلۆژی لەکاری شانۆیدا، ئەوەش رزگار کردنی بوو لەهونەری تەکنیک و کاری زەخرەفەیی، چونکە "بینین کاریگەری فەلسەفی لەسەر پەیوەندی جەستە بە پانتایی و بە بیناسازی شوێن و بە بونیادەکانی نێو وێنەی شانۆیی بەجێ دێڵێت، ئەوەش وا دەکات سینۆگرافیا لەڕوویەکدا پانتایی شانۆ بگۆڕێتە سەر زەمەنێکی ئەفرێنەر، بەوەی پانتایی زەمەنی نمایش بێت"

شێواندنی هەستی مرۆڤی خۆر ئاوایی دوای جەنگ قۆناغی نوێی سینۆگرافیای پێ هاتە بوون، تا بوو بە بەشێک لەکاری دەرهێنان، رۆڵی گرنگی وای کرد ئەمرۆ وەک بنەمایەکی دەرهێنانی شانۆیی سەیر بکرێت، دیارە لەدایکبوونی سینۆگرافیا بەتەنیا دیدێک نەبوو بۆ شانۆ، بەڵکو لە ئەمرۆدا جیاوازی بنەرەتی هەیە لەگەڵ ئەو مانایەی کەلەسەردەمی رێنیسانس هەبوو، بەهۆی ئەوەی لە "سەردەمی رێنیسانس تەکنیکی نیگارکێشان بوو، بەمانای نیگارکێشان و رەنگ کردنی قووڵایی تابلۆ بوو، کەچی سینۆگرافیا بەمانا تازەکەی کەشفکردنە ئەک خولقاندن".

لەم گۆشە نیگایەوە ئەگەر بروانینە شانۆ، تەنانەت تا شەستەکانی سەدەی رابردوو سینۆگرافیا دەرنەکەوتووە.

سەبارەت بە شانۆی کوردی، ئێمە سینۆگرافیامان تا بیست ساڵی دوایی سەدەی بیستەم نەناسیوە، لەهیچ ووتارێکی رەخنەیی ئاماژەی بۆ نەکراوە، تا دەرکەوتنی شانۆی ئەزموونگەری، بەهۆی ئەوەی ئەزموونگەری کوردی لەژێر کاریگەری شانۆی وێنەیی هاتوتە دی بۆیە ئەو سەرهەڵدانە بووە بە دیاردەیەکی سرووشتی ناو شانۆی ئەزموونگەریمان، کە دەتوانێ لە کاری زەخرەفەیی دەربازی بکات، ئەوەش گۆڕینە لە فەزای کاری خوسالی بۆ پانتایی فکری شانۆی ئەبسێرد، ئەگەر دەقی کوردی زیاتر ویستویەتی لەسەر فۆلکلۆر کار بکات و بە دیمەنێکی نیگارکێشراو رازی بووە کە هەمیشە وێنەی سرووشت بووە بۆ گوزارشت کردن لە لادێ، ئەوەش کاری تەکنیکی نیگار کێشان و بە زەخرەفە کردنی دیمەنەکە بووە

کەچی شانۆی ئەزموونگەری ئەو دیدەی گۆڕی بۆ بەخشینی مەعریفە بە وێنەی شانۆیی، دیارە لەپاڵ ئەو کارە شانۆی ئەزموونگەری کوردی بەپێی قۆناغەکان ویستویەتی سینۆگرافیا وەک هونەرێکی سەربەخۆی ناو دەرهێنان دەربخات، لێرەدا نموونە بە شانۆگەری (وێرانە) ی کامەران رەئوف

دێنینەوە، سینۆگرافیای ئەم نمایشە کاتژمێرێکە، بەڵام کاتژمێرێکی هەڵوەشاوە، هەر لەو سەرەتایەوە فەلسەفەی نمایشکە دەخرێتە روو بەوەی گەر کاتژمێر دەلالەت لە زەمەن بکات، هەڵوەشاندنەوەی پێمان دەڵێت زەمەنی کوردی هەڵوەشاوەتەوە، بەتایبەت بۆ ئەم نمایشە چوار چێوەی کاتژمێرەکە بووە بە هەریەکە لە (دەرگای ماڵ/ قەفەسی زیندان) وەستانی میلی کاتژمێرەکانیش ئاماژەیە بۆ وەستانی زەمەنی دوو گرووپی شەرکەر، وەک چۆن پاندۆڵی کاتژمێرەکان بریتی بوون لە چوار پاندۆڵ ئەوانیش هەریەکەو رەنگێکی تایبەتی بۆ دانراوە کە هارمۆنی بوونی هەریەک لەدوو پاندۆڵەکە گوزارشتە لە قۆناغێکی شەری کوردی، دوای تەواوی بەشە هەڵوەشاوەکانی سینۆگرافیاکە تێکەڵی مۆسیقایەکی سەما ئامێز دەبێ، ئاماژەی بیستراو دەبێتەوە بەشێک لە داهاتووی کارەکتەر، وەک چۆن رابردووی کارەکتەر بریتیە لەو دیکۆمێنتانەی نێو ماڵەکە، کەسینۆگرافیا لەم نمایشەدا زمانی سەرەکی شانۆیە

لێرەدا دەگەینە وەڵامی پرسیاری سەرەتا لەبارەی سینۆگرافیا کە مەبەست لە دیکۆر نیە، هێندەی هونەری بینین و پێکهاتە دەنگی و بینراوەکانە، پەیوەندی نێوان شانۆی ئەزموونگەری و سینۆگرافیا پەیوەندیەکە هەمیشە سینۆگرافیای بەرەو پێشەوە بردووە.



Scanned with CamScanner

# به روایت تصـــویر













Scanned with CamScanner



سپی‌مەند

Scanned with CamScanner




Govarî Taybet Be Sêzdehemîn Mêhrecanî Şanoy Kurdî Seqiz

29î Xermanan-02î Rezberî 2716

Scanned with CamScanner